وەزیری ناوخۆ جەختی لە پلانی نوێ کردەوە بە بەهێزکردنی ئاسایشی سامەرا

ئەمڕۆ پێنجشەممە، عەبدولئەمیر شەمری وەزیری ناوخۆی، تێئکیدی لە پلانی نوێ بە بەهێزکردنی ئاسایشی سامەرا کردەوە.

وەزارەتەکە لە بیاننامەیەکدا رایگەیاند: عەبدولئەمیر ئەلشەمری وەزیری ناوخۆ سەردانی فەرماندەیی شاری سامەرای کرد کە یەکشەممە ڕابردوو بەرپرسیارەتی ئەمنیی وەرگیرا و ئەفسەرانی فەرماندەیی ئاماستە کرد کە پلانی نوێ دابەژن بە بەهێزکردنی ئاسایش و هاوکار بێت بە دروستکردنی کەشکی سەلامەت و گونجاو بە خەڵك و سەردانکەرانی ئەم شارە پیرۆزە.

ئاماژەی بەوەشکرد: وەزیر جەختی لە گرنگی پشتبەستن بە هەوڵە هەواڵگریەکان و کامەرای چاودێری کرد بە سپاندن و بەهێزکردنی ئاسایش.

هەر لە بیاننامەکەدا هاتووە، کە ئەم سەردانە بە فەرماندەیی سامەرا بە زانینی پەداویستی ئەفسەر و ئەندامانە بە ئەوەی بتوانن ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە لە چوارچێوەی ئەم کەرتە جێبەجێی بکەن.